هۆکاری نوێکردنەوەی گۆرانی کوردی چین؟

جەمال گردەسۆری

بۆ ماوەیەکی زۆرگۆرانی کوردی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسییەوە لە کوردستاندا کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گۆرانی کوردی هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە هۆیەکانی پێشکەوتن و دواکەوتنی گۆرانی کوردی بەدەر لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی کاریگەرایی ڕەگەزەکانی گۆرانی گوتن بووە لەگەڵ مۆسیقادا لە پێناوی پەنجە نوماکردنی هۆیەکانی پێشکەوتن و دواکەوتنی گۆرانی کوردی.

لاپەڕەی کولتوور پرسیارەکان ئاراستەی هونەرمەندانی کورد دەکات و لاپەڕەکەش ئاوەڵاو کرایەوە بۆ هەر گفتوگۆو سەرنجێک، هەر لە ڕەخنەو بەدواداچوونی هەیە لەسەر ئەم تەوەرە، بۆ ئەم جارە هونەرمەند خەلیل مراد وەندی-مان هێنایە دواندن.

*** ئایا پێت وایە گۆرانی کوردی هیچ پێشکەوتنێکی لە مۆسیقاو دەنگ و ئاوازدا هێناوەتە کایەوە؟ ئەو پێشکەوتنە لە چ لایەنێکی ئەو ڕەگەزانە بەدی هێنراوە، ئەگەرنا بۆچی؟**

– بەکورتی بەڵێ پێشکەوتن هاتۆتە کایەوە لەلایەن مۆسیقا و دەنگەوە هەندێک جاریش هەڵبەستی سەردەمانە، بەڵام کەم.

*** هەندێک کەس پێیان وایە تازەکردنەوەی مۆسیقا بەتایبەتی بەکارهێنانی ئامێری بیانی تێکدانی ئاوازو گۆرانی کوردییە نەک تازەکردنەوە، تۆ ئەم مەبەستە چۆن دەبینی؟**

– بەکارهێنانی ئامێری بیانی لە مۆسیقادا تێکدان نییە ئەگەر لە شوێنی خۆی بەکاربهێنرێت وەک پڕکردنەوەو بێتە پاڵپشتی ئامێرە مۆسیقاکانی دیکەی تیپ وەک «کی بۆرد..هتد»، بەڵام بە تەنیا مۆسیقا هەمووی ئامێری بیانی بێت لە مۆرکی کوردی دەردەچێت، چونکە ئێمە هێشتا خەریکی دروستکردنی مۆرکی خۆمانین.

*** ئایا دەنگی خۆش پێویستە بۆ تازەکردنەوەی گۆرانی کوردی یاخود مەرج نییە دەنگ خۆش بێ، بەڵکو چۆنیەتی گوتن بە کەڵکە؟**

– دەنگ پێی دەگوترێ «ماستەر» واتە لایەنی گرنگ و گەورەی کارەکەیە واتە دەبێ خۆشبێ لەرووی دەنگەوە هەتا جۆری گوتنەکە، واتە چۆنیەتی گوتن زۆر گرنگە نەک هەر بۆ تازەکردنەوەی گۆرانی، بەڵکو بۆ ئاوازی تازەش لێرەدا، بەڵام ئەگەر هەردوو مەرجەکەی تێدا بوو «گۆرانیبێژ» ئەوا باشترە، زۆر کەس هەیە دەنگیان هەیە و خۆشە، بەڵام ناخرێتە سەر شریت واتە ناتوانی لەگەڵ ڕیتم و مۆسیقا دا بڕوات.

*** لاوازی مۆسیقای کوردی لە ئامێرە یاخود لە ژەنینە یاخود لە ئاوازە؟**

– جارێ وشەی لاوازی دەبێ بە بەراوردکردنی مۆسیقای کوردی لەگەڵ مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەدا سنووری بۆ دابنرێت، بەڕای من لاواز نییە بەو ڕادەیەی کە خەڵک باسی دەکات، لاوازی هەر مۆسیقایەک لەسەر جۆری بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقایە لەگەڵ جۆری ئاوازەکە، دان بەوە دادەنێین کە ئاوازەکانمان زۆربەیان سەرپێین و یەک ڕستەیین.

*** لە بەراوردکردنی مۆسیقای هەشتاکان لەگەڵ نەوەتەکان زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە مۆسیقای کوردی لاواز بووە، تۆ چۆن ئەمە لێک دەدەیتەوە؟**

– هەشتاکان. یەک دەزگای تەلەفزیۆن و یەک ڕادیۆی کوردی هەبوو و تۆمارکردنی هەر بەشێکی مۆسیقا پاش دەرچوونی لە لیژنەی پسپۆڕ دەکرا بۆیە شتی باش تۆمار دەکرا واتە ڕێگا نەدەدرا بە وەک ئەم بەرەلاییەی ئێستای مۆسیقاماندا لەگەڵ ئەوەشدا پاش نەوەتەکان شتی باشیش تۆمار کراوە هەرچەندە هەندێکیان مۆرکی کوردییان کزە.

*** ئایا تازەکردنەی گۆرانی کوردی لە کۆپی سێ ڕەگەزی سەرەکی ئەو هونەرەدایە لە مۆسیقا و دەنگ و ئاوازە؟**

– وەک باسم کرد لاوازی ئاواز زیاتر دیارە کە چی دەنگی باشمان هەیە هەرچەندە هەندێکیان کوردی نین هەروەها تیپی مۆسیقای باشمان هەیە و توانای شتی باشیشیان تێدایە.

*** ئایا تازەکردنەوەی گۆرانی کوردی چ پەیوەندییەکی هەیە بە بەکارخستنی ئاواز و وشەی فۆلکلۆری؟**

– گۆرانی تازە وەک دیارە مەرجی خۆی هەیە هەر لە هەڵبەستەوە بگرە دەبێ باسی بارودۆخ و سەردەم بکات، چونکە ژیان لە گۆڕاندایە هەروەها مۆسیقاش هەرچەندە ئاوازەکە بەرز بێت هەڵبەستی فۆلکلۆر بەتازە ناو نابرێت.

*** ئایا کوردێتی (مۆرکی کوردایەتی لە مۆسیقا) مۆسیقای ئێمە لە کوێیە؟**

– مۆرکی کوردی لە ئامێرە کوردییەکاندا هەیە وەک بالەبان و زورنا و شمشاڵ و دووزەلە و هەروەها لە دەهۆڵ و ئەو گۆرانیانەی کە لەکاتی هەڵپەڕکێدا دەگوترێت، واتە نیوەو ناتەواو هەبووەو ئەویش لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەبواری مۆسیقاژەنیندا دەتوانم لە جەمیل بەشیرو قادر دیلانەوە هەتا دەگاتە ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکارو ئەلبیرت عیسا و وریا ئەحمەد و ..هتد، بەڵام مۆسیقای کوردیش وەک مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەی جیهان خەریکە ڕستەی خێرا و گۆڕینی ریتم (ئەوان پێش ئێمە ئەم دیاردەیە لە مۆسیقادا دەستیان پێ کردووە) هەرچەندە زۆربەیان یا تاقمی فارسی یان تورکی دەدات هەتا گۆرانیبێژەکانیش هەوڵی کوردێتیان نەداوە لە گوتندا، چونکە نازانن چییان هەیە لە تۆمارکراوی ڕەسەنی کوردی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی کە لە مۆسیقادا هەیە واتە نەتەوەکان لەمۆسیقادا لەیەک نزیک دەبنەوە و شتی هاوبەش ڕوودەدات.

*** ئێمە زاراوەی مۆسیقا کوردی بەکاردێنین؟ ئایا ئێمە مۆسیقایەکمان هەیە بەناوی مۆسیقای کوردی؟**

– هەر لەناوی مەقامە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتیەوە کە زۆربەیان کوردین هەتا ناوی تەلی ئامێری مۆسیقا ئەوانیش وشەی «گا» یان «گە» کە پاشگرێکە بەواتای جێگا وەک زاراوەی کوردی دادەنرێن، بەڵام ئایا ئێمە مۆسیقایەکمان هەیە بەناوی مۆسیقای کوردی؟ لەسەرەوە باسمان کردووە واتە بەڵێ هەمانەو مەرج نییە تەنیا عودو کەمان بۆ نموونە مۆسیقا بن هەر وەک باسم کردووە ئامێرە کوردییەکانیش لەگەڵ چەند مەقامێکی کوردی بەڵگەن، بۆ بوونی مۆسیقایەکی کوردی.

*** ئایا لە ئاوازە یاخود لە دەنگە یاخود لە ئامێرە؟**

– لە پرسیاری پێشوودا وەک پێویست دەبوایە باس بکرێت واتە مۆسیقای کوردی یانی سۆزی کوردی هیچ جیاوازییەکی کوردێتی لەنێوان ئامێرو دەنگی مرۆڤ نییە، چونکە ئاوازەکە ناسنامەیە بۆ ئەم مەبەستە.

*** ئەو ئامێرانە ئاخۆ ئامێری کوردین، ئەگەر ئەو ئامێرانە بیانین چۆن ئاوازی کوردییان لێ دەژەنرێ؟**

– لەوەڵامدا دەڵێم کام ئامێر؟ ئامێری مۆسیقای کوردی مۆرکی خۆی هەیە، ئەگەر ئامێرەکە بیانیش بێ لەناو مۆسیقادا جێی دەکرێتەوە، چونکە شتی کوردی زۆرمان هەیە کە چارەکە دەنگی تێدا نەبێت هەرچەندە ئامێری مۆسیقای بیانیش بەگوێرەی داواکردن بۆت دروست دەکرێت!!!

*** ئایا سوود وەرگرتن لە مۆسیقاو ئاوازی دەرەوە هەندێک کاریگەری لەسەر ئاوازی کوردی هەیە؟**

– بێ شک ئاوازی کوردی دەبێ کوردی بێ هەتتا مۆسیقاکەشی، سوود وەرگرتن بواری زۆرە ئەگەر وەک زانست لە مۆسیقا بێ سوودی هەیە ئەویش بە چاکە کاردەکاتە سەر مۆسیقای کوردی ئەگەر بە زانستیانە بەکاربهێنرێت.

*** تازەکردنەوەی ئاوازی کوردی لەچ لایەنێکەوەیە؟**

– لەلایەن پاکی مۆسیقاو پاکی گوتنەوە ئەگەر کەم و کورتی هەبێت تازەکردنەوە پێویستە، بەڵام تازەکردنەوەی ئاواز مۆدیلی نەما ئێستا شوکر تیپی چاک هەن و شارەزای چاک هەیە لەبواری مۆسیقاو ئاوازداناندا و وەک گوتم مۆسیقای جیهان بەرەو خاڵێک دەچێت کە هاوبەشی تێدایە ئیتر نازانم تازەکردنەوە بۆچی ئەگەر پسپۆڕمان هەبوو و بەرەو پێشەوە دەچین لەگەڵ مۆسیقای میللەتانی پێشکەوتوودا.